# چاوچنۆك

خۆر دەمە دەمی خۆپیشان دانو خۆ نواندنی بوو.لەناو جێگەیەكدا ئەتلایەوە. "چارشێوی چكۆلە، سێو،هەڵوژە، هەنار، خرخاڵ، گوارە، ملەلیرە، جلی جوان وەك هـی جـەژن، شـوتی"…. تلێكـیدا "ژورێـك پـڕ ئەكـەم لـەبووك، بووكـی قـژ ڕەش هەروەكو خۆم، نا نا… بالەخۆم نەچن. ئەها گاڵتەم پێئەكەنو ئەڵێن چاو چنۆكی قژ هاڵیكۆك".هاربوو، ژنانی كۆڵان ناویان نابوو ئەژدیهای حەوت سەر. ئەوەندە هـاربوو چاوی ماری دەرئەهێنا "دایكم ئەڵێ:"نینـۆك مـەجوو، بەكوڕەكـەی دادە لیمۆ مەڵێ حەمە قۆپچە، بەخاڵۆزا داماوەكـەت مـەڵێ جەزا بێ قـەزا، دۆینـە بخـۆو كەلانەیش، مێرووله مەكوژە". ئای كەڕقم لێتانـە، خنـەخن كـەری قـۆڵ باریكانـە." بیری لەدایكی ئەكردەوە كەچۆن ئەیشوات"توند توند دەست ئەخاتـە سـەروقژم، هەر پێی ئەڵێم چاوم كوێربوو نەختێ ئاوی پیاكە، یان ئەڵێ "جاكوا ئەوە شانسی مـن نییـە" یـان"وسـبە گولـە وانـەبێ پـاك نابیتــەوە، سەردەسـتەكانت ڕەقەڵــەی كــردووەو زیرگــت دەرداوە".شــەرت بــێ لــەڕقی دایكــم شــووبكەم بـــەباوكم. هەڵئەسێتو دائەنیشی،ئەڵێ"حەوت شووكەرە،بەخوا لەحەوتماڵەوە بەرەو باوان ئەبیتەوە" هەروا ئەكەم،جامن لەدایكیشـم جوانترو مناڵترم.جاباوكم ئەڵێ:"چایی بۆبێنە،نـانی بـۆ بێنـە،كچەكـە مناڵـە،وردە وردە فێریكـە"منیـش بـاوكم لـەدایكم پڕئەكەمـەوە. بیسـتوومە ژنـی بچـووك خۆشەویسـتەو قسـەی ئـەڕوات. وائەكـەم ودوایی وەك بەرزەكی بانان بۆی دەرئەچم"بانگی عەسری دابوو كە لەپەنجەرەكەوە سـەری هێنـابووە دەرەوە. رووەو ئاسمـان بـە گریانـەوە ئـەیوت:"ئـەی قـــەزات لەجلــەكانی جــەژنم كــەوێ، لــەدایكمو حەمــە قۆپچــەو جــەزابێ قـــەزا، لەدنیا،لەخەڵك،لەترشیو مژمژەو لەبراكەیشم كەهێشتا دایكم نەیبووە، لەخۆشم. دڵیشم نایەت بەڵام قەینا قەزات كەوێ لەهەر شتێك خۆشم ئەویو لەبیرم نیە بیڵێم. بائەمان نەزانن، دەم شڕن،جاڕ ئەدەن، خۆلەتۆ ناچن،خواخوایانە، بۆ قسەیەك. ئیتر هەرگیز وا ناكەم،تەنیا ئەمجارە بەكەس مەڵێ. خوایە گیان منو حەمەوجەزا گومان خـــوارد لـــەگوی ســـەگە حەرەحـــەرە ڕەشـــەكان،دوورلـــەخۆشمی تیانـــەبێت، ئەستەغفیرەڵلا". سـەیرێكی نـاو حەوشـەكەی كـرد، كەسـی نـەبینی.هـەتا هـێزی تیابوو توێكڵە گوڵـە بـەڕۆژەكانی فڕێدا. هێنـدەی پێنـەچوو هـەوری بەرپەنجەرەكە

لاچوو،پێکەنیو وتی:"کورە خۆ ئەمزانی پیاوە خاسەی بەقوربانی کەوشە شڕەکانت بم".دایکی بانگی کرد ڕۆڵە وەرە خوارەوە ئێستا بانگ ئەدات.